# کەلاوە ڕوخاوەکانی هەڵەبجەو یادی 19 ساڵەی

**هەورامان علی تۆفیق**
Berzi-san@web.de

یاد لەدوای یاد و ساڵ لەدوای ساڵ دەڵێن ئەم ساڵ نا ساڵی داهاتوو , ئەم یادە نا با یادی داهاتوو , بەڵام ئەوەی دەیبینین کەلاوەکان لەبری ئەوەی کەم بنەوە زیاد دەکەن و قوڕاو چڵپاو و وێرانی داڕوخان و ناشارستانیەت بەسیمایی ئەم شارەوە ساڵ بۆ ساڵ دیاری بەشداربووانی یادیی 16ی ئازاری مەرگەساتەکەن .

ئەو شارەی دوای ڕاپەڕین هەر ئەوشارەیە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە کاتێک پێش ئەوەی بگەیتە هەڵەبجە , بەناو زەمەقی دا تێدەپەڕیت و ئەوەی نەگۆڕابێ و وەک خۆیی مابێتەوە وەک کۆمەڵگایەک چۆن دروست کراوە بەو شێوەیە ماوەتەوەئەوەی ڕۆخاوە هێشتا بەڕوخاوی ماوەتەوە و ئەوەی گۆڕانبێت بەسەری دانەهاتووە , کاتێک پێدەخەیتە نێوشارەو لەچاڵ و هەڵکەندراوەکانی بەناو ئاوەدارنکردنەوە و پرۆژە لەو شارە ناتوانی هەنگاو بنێی گرمەی شۆفڵەکانی پێش یادی هەڵەبجە بەئەسپایی پێمان دەڵێن بێ دەنگ بن ئەوە ئەم چەند مانگەیە تا یادەکە کۆتایی پێدێت و دوایی سەرتان سووک دەکەین و بەجێتان دەێڵین و ناگەڕێینەوە تا یادێکی دی .

ڕاپەڕینی ساڵی 1987 ی دانیشتوانی ئەم شارە چەندین ماڵ ڕوخێنران و بوونە کەلاوە و کەس نەیتوانی ئاوەدانیان بکاتەوە و دواتریش ساڵی 1988 و لە 16ی ئازاردا هەموو شار بووە کەلاوە و ئەوەی بەتۆپ و فڕۆکەکانی ڕژێم کرا کاولیان کرد و دواتریش کاتێ ئێران بەجێ ی هێشت ئەوەی بۆیی کرا کاولی کرد و تەقاندیەوە و کردیە کەلاوە و دواتریش ڕژێم ئەوەی بەپێوە مابوو بە کەلاوەیی بەجێ هێشت و ئەم شارە سیمایی شاری پێوە نەما ..

بەئازادبوونی کوردستان و ڕاپەڕینی 1991 هیوایەک و ئومێدێک کە ئەم شارە شەهیدەی کە بووە پێناسەیەک بۆکورد دروست بوو , لەو جۆرە ژیان و دۆخەوە بەرەو باشترو پێشکەوتن و نمونەیی ببرێت و وەک بوکێک لەو وێرانیەوە بەرەو ئاوەدانکردنەوە و شارستانیەت بچێت . بەڵام نائارامی و خراپی بارودۆخ و قۆناغەکانی خەباتی سیاسی کورد و شەڕی ناخۆ و چەندین گرفتی دی نەک ڕێگایان نەدا ئاوەدانبێتەوە بەڵکو زیاتر بەرەو وێرانی و کاول بوون و پشت گوێ خستن چوو ... کەلاوە ڕوخاوەکانی هەڵەبجە دوای ئەوەی 200 کەلاوەیان کرانەوە خانوو بەڵام ئەو ئاوەدانکردنەوەیە دیسانەوە وەک هەموو دابەشکردنێکی دی حزب و لایەنکاری دەوری باڵای هەبوو تەنها بەسەر لایەنگرانی لایەنێک دا دابەشکران واتە ئەو کەلاوانەی سەر بەلایەنگرانی خۆیان بوون ئاوەدانیانکردنەوە , ئەمەش بەقسەی خەڵکی هەڵەبجە .

دوای ئەوەی دەنگی ناڕەزایی بەرزبووەوە و دووبارە بەڵێن و پەرنامەو پلانی سەر کاغەز هاتەوە مەیدان و چەندین بەڵێنی دی درانەوە بە ئاوەدانکردنەوەی 200 کەلاوەی دی کە تائێستا هیچ دیارنیە . ئەوە باس لە گرفتی ئاو و کارەبا و شەقام و بازارەکان و لایەنی پەروەردەیی و تەندروستی و لەبیر کردنی چینی لاوان کە لەهەموو خزمەتگوزاریەک بێ بەشن چ لەڕوی وەرزشی یەوە بێت یان هونەری لەگەڵ ئەوەی کە بەڵێنی دروست کردنی هۆڵێک هەیە بۆ چالاکیە هونەریەکان بەڵام ئەویش لە پرۆژە وەهمیەکانە تا ئێستا هیچ دیارنیە , بێ گومان گەنجانی ئەم شارە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و وەرزشەوانانی هەمیشە لەپێشەنگ دابوون , بەڵام ئەمڕۆش بەهۆیی نەبوونی پێداویستی ناتوانن چالاکی و تواناکایانان بەدەربخەن و کەمێک لەخەم و پەژارەیان کەم بێتەوە , ئەم شارە پێویستی بەوە هەیە باشترین یاریگای هەبێت و پێشکەوتووترین هۆڵی چالاکیە هونەریەکانی تێدابێت و تا یانەوەزرشی و تیپە هونەری میللیەکان بگەڕێنەوە دۆخی جارانی خۆیان .

هێندەی لەم بارەیەوە باس بکەین کەمەو ناگاتە دڵۆپێک لەدەریا و ئەم بەڵێن و پلان و نەخشە وەهمیانە وایان لەخەڵکی ئەم شارە کردووە کە بڕواو متمانەیان نەمێنێ و هەموو بەڵێن و پڕۆژەیەک لەڕۆژی لەدایک بوونیەوە بەمردووی حسابی بۆبکەن و هیچ ئومێدو هیوایی لەسەر نەبەستن , کەواتە گرنگە ئەم بڕواو متمانەیە بگەڕێنرێتەوە و ئەو نیگەرانی و دڵگرانیە لەسەر دڵی دانیشتوانی ئەم شارە شەهیدە لاببرێت و ئومێدو هیوایان پێببەخشرێتەوە .
خەڵکی هەڵەبجە چۆن لە سێدارەدانی سەدامی دیکتاتۆر ئەو ڕۆژەی بۆ دووبارە کردنەوە کە تۆڵەی ئەوان لەبیر کراو تەنها ئەو دیکتاتۆرە خوێنڕە گەورەیەیان بۆ خاتری 148 کەس لەسێدارە درا و هەموو ئەو تاوانانەی دەرهەق بەکورد لەبیر کران بەبێ ئەوەی تا ئێستا کەسێک داوایی لێ بوردن لە کەس و کاری شەهیدان بکات و بەبێ ئەوەی کەسێک دان بەوەدا بنێ کە قەرەبوویی ئەم خەڵکە بدرێتەوە بەڵام ڕۆژانە ئەو کەسانەی لەخواروی عێراق دەکوژرێن زۆر بەخێرایی قەرەبوو دەکرێنەوە و کەس هەڵەبجەی لەبیر نەماوە و ئەوەندە لەبیریان ماوە تەنها ئەو یادەیە کە بووەتە مۆدەیەک بۆ داوەت کردنی چەند کەسایەتی و وەفد و بەڕێوەبردنی هەندێک مەراسیم کە هیچ سوودێک بەم شارە ناگەیەنێت .
19 ساڵە کەلاوەکان بەکەلاوەیی ماونەتەوە سیمایی شار وەک خۆیەتی و گۆڕانێکی دیار و بەچاوی پێوە دیارنیە , هەر کەسێک لەدانیشتوانی کەم شارە بدوێنی لەگلەیی و بێزاری و ناڕەزایی بەولاوە هیچی دی پێنیە . شانزە ساڵە دەسەلاتی کوردی فەرمانڕەوایەتی دەکات بەڵام کامانەن دەستکەوتەکان ..؟ ئەوەی دەکرێ و بەبەرچاوەوەیە هەندێ کارن و کەس نکولیان لێناکات و ئەوانەش لەگەڵ خواست و پێداویستیەکاندا بین زۆر کەمن , لەوانە ئەو بەلێنەی سەرۆکی هەرێم بۆ موجەمەعی عەنەب کە کاری تێدا دەکرێت ئەویش دوای دروست بوونی چەندین گرفت و کێشەو دواکەوتنی بەباشی ئەنجام نەدانی وایی لەدانیشتوانی ئەم شارە کرد هانا بۆ سەرۆکی هەرێم بەرن تا گرفتەکەیان بۆ چارەسەر بکات و ئەویش بەدەم داواکانیانەوە هات , کەواتە ئەگەر دەسەڵاتێکی ئیداری ئەوەندە لاوازبێت و نەتوانێت کارەکانی ئەنجام بدات , دەبێ لەبچوک ترین پڕۆژە سەرۆکی هەرێمی پێوەی سەقاڵ بێت و لەئەنجام نەدانی و لاوازی ئەو کارانە سەرۆکی لێ ئاگاداربکرێتەوە .. دەبێ دڵ بەو کەسەبەرپرسە ئیداریانە چەند خۆشبێت و چەند ئومێدو هیوایان پێ ببەسترێت .. ئەم شێوە کارو جوڵانەوانەیە ئەو متمانەیان لە نێوان جەماوەرو دەسەڵاتی ئیداری دا بڕیووە و گەڕانەوەشی بەکارو ڕاستی و دلسۆزی و خێرایی ئەنجام دانی پڕۆژەکان و فراوانکردنیان و بەدیهێنانی خواستەکانی خەڵکی ئەم ناوچەیە .
ئەگەر کەلاوەکان هێشتا بەڕوخاووی مابێتنەوە و کۆڵان و بازارو شار لەقوڕ و چڵپاو زیاتر هیچی تێدا نەبێت و خزمەتگوزاری و پێداویستیەکان نەبن و لەهەمان کاتدا لەڕووی مەعنەوەیەوە پێشتگیری نەکرێت و کێشەکە لە سوچی بیرکردنەوە و لەبیرچونەوەدا بێت , بۆیە خەڵکی ئەم شارە ناهەقیان نیە بڵێن یادی 16 ئازارمان ناوێ , چونکە ئەو یادە بۆ ئێمە نیە و بەڵکو بۆ کاری ترو بۆ مەبەستی دی دەکرێتەوە کەواتە یادێک لەسەر حسابی ئێمەو بۆ بەرژەوەندی دی بکرێتەوە ئێمە نامانەوێ و نەکردنەوەی بۆئێمە باشترە چونکە برینەکانمان ناکولێنەوە , زامەکانمان نوێنابنەوە , ئەو زامانەی تائێستا سارێژنەکراون ئەو خەمانەی کە تائێستا لەدڵ دەرونماندا ئەتلێنەوە و گوژم دەخۆن , مافەکانمان و تۆڵەمان نەسەندرابێتەوە و ساڵ لەدوای ساڵیش لەبیر دەکرێن و ئەوەندەی ئێمە لەبیر بین ساڵی جارێک لەڕێگای ڕاگەیاندنەوە ووردەباسێک دەکرێت و دوایی ئەوەی بێدەنگێکی ئەو تۆ تا ساڵی داهاتوو و 16 ی ئازارێکی دی .